# شیکردنەوەی شوێنی بۆ دابەشبوونی ئاوی ژێرزەوی لە سنوری ناحیەی دیبەگە:

# التحليل المكاني لتوزيع المياه الجوفية في ناحية ديبكة:

# Locative analyzing for submerged ground water in the border of Debaga district:

م. سۆران عبدالفتاح عبدالله[1]، جوانرۆ ئازاد عەزیز[2]، هێمن کمال حمەامین[3]
[1،2]بەشی جوگرافیا، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە،شاری کۆیە، هەرێمی کوردوستان، عێراق
[3]بەشی جوگرافیا،کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان،زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردوستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: soran.abdulfatah@koyauniversity.org

**پوختە:**

ئاوی ژێر زەوی یەکێکە لەدەرامەتە سروشتیە زۆر گرنگەکان، کە ڕۆڵێکی گەورەی لەدابین کردنی سەرچاوەکانی ئاو هەیە. بەتایبەت لەو ساڵانەی کە ووشکە ساڵی باڵی بەسەر ناوچەکە بەگشتی و ناوچەی لێکۆڵینەوە بەتایبەتی داگرتووە، کە سەرەنجام بۆتە هۆی کەمبوونەوەی ئاوی سەرزەوی لە ناوچەکە، هەربۆیە دانیشتوانی ناوچەکە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیە ئاویەکانیان پەنایان بۆ هەڵکەندی جۆرەکانی بیر بردووە.

ئامانجەکان: هەوڵدەدەین لە توێژینەوەکەماندا پۆلێنیکی زاستی بۆ کۆبونەوەی ئاوی ژێر زەوی لەناوچەکەدا بکەین، وە دەستنیشانی ناوچە دەوڵەمەندو هەژارەکانی ئەو دەرامەتە بکەین. ئەویش بە پشت بەستن بەو فاکتەرە سروشتیانەی ڕۆڵیان هەیە لە داچۆڕانی ئاو بۆ ناخی زەوی کە بریتین لە (جیۆلۆجیا، بەرزی و نزمی، لێژی، خاك). بەشێک لەو داتایانە بەردەستن و بەشێکی تریش لەمانگە دەستکردەکانەوە وەردەگیرێن. بەبەکارهێنانی سیستەمی زانیاری جوگرافی شیکاری کە ناسراوە بە ( Interpolatin IDW) بۆ شیکاری زانیارییەکان.

دەرئەنجامی توێژینەوەکە ئەوەی دەرخست کە ناوچەکە پێنج ئاستی بۆ (بڕی بەرهەم)ی ئاوی ژێرزەوی دیاریکردووە و بەهەمان شێوە ئاستی جیاوازی بۆ ئاستەکانی (جێگیر و گۆڕاو)یش خستۆتە ڕوو.

**کلیله وشه:** ئاوی ژێر زەوی، ئاستی جێگیر، ئاستی گۆڕاو ، جیۆلۆجیا، (Interpolatin IDW).


| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| http://doi.org/10.32410/huj-10525 | DOI Link |
| ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/١/٥ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٢/١٥ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٣/٣١ | ڕێککەوتەکان |
| soran.abdulfatah@koyauniversity.org | ئیمەیلی توێژەر |
| ©٢٠٢٤ م. سۆران عبدالفتاح عبدالله، م. جوانرۆ ئازاد عەزیز، م. هێمن کمال حمەامین ، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 | مافی چاپ و بلاو کردنەوە |

## ملخص:

تعتبر المياه الجوفية إحدى أهم الموارد الطبيعية التي تلعب دوراً هاماً في توفير الموارد المائية، خاصة في السنوات التي اجتاح فيها الجفافُ المنطقةَ بشكل عام ومنطقة الدراسة بشكل خاص. وقد أدى ذلك إلى انخفاض المياه السطحية في المنطقة. لذلك لجأ سكان المنطقة إلى حفر آبار المياه لسد احتياجاتهم المائية.

الأهداف: سنحاول في هذه الدراسة إجراء تصنيف علمي لتخزين المياه الجوفية في منطقة الدراسة وتحديد المناطق الغنية والفقيرة من حيث الموارد المائية. ويتم ذلك بالاعتماد على العوامل الطبيعية التي تلعب دوراً في ترشح المياه إلى طبقات الأرض السفلية وهي (الجيولوجيا، الارتفاعات العالية والمنخفضة، وانحدار التربة). بعض هذه البيانات متاحة، وبعضها الآخر يتم الحصول عليه من الأقمار الصناعية. تُستخدم نظم المعلومات الجغرافية التحليلية المعروفة باسم (الاستفاء أو الاستقراء الداخلي interpolating IDW) لتحليل البيانات.

وأظهرت نتائج الدراسة أنه تم تحديد خمسة مستويات لكمية منسوب المياه الجوفية، وكذلك تبين الفرق بين المستويات الثابتة والمتغيرة للمياه الجوفية.


**الكلمات المفتاحية:** المياه الجوفية، المستوى الثابت، المستوى المتغير، الجيولوجيا، (استيفاء IDW).


## Abstract

Groundwater is one of the most important natural resources that plays an important role in providing water resources, especially in the years when drought has covered the region in general and the study area in particular. This has resulted in a decrease in surface water in the region. So, the residents of the region have resorted to digging water wells to meet their water needs.

Objectives: In this study, we will try to make a scientific classification of groundwater accumulation in the study area and identify the rich and poor areas in terms of water resources. This is conducted by depending on the natural factors that play a role in the flow of water to the lower layers of the earth, which are (geology, high and low altitude, and soil gradient). Some of this data is available, and others are obtained from satellites. Analytical geographic information systems known as interpolating IDW are used for data analysis.

The results of the study showed that five levels for groundwater level ratio have been identified, and similarly, the difference between fixed and variable levels of groundwater has been shown.


**Keywords:** groundwater, fixed level, variable level, geology, (interpolating IDW).

## پێشەکی:

لەرۆژگاری ئەمرۆدا ئاوی ژێرزەوی رۆڵێکی گرنگ و کاریگەری لە پرکردنەوەی پێداویستی دانیشتوانی کۆمەڵگە جیاوازەکان هەیە، بەهۆی بەکارهێنان بۆ بەکارهێنانە جیاوازەکانی وەك(خواردنەوە و کشتوکاڵ و پیشەسازی.....هتد)، وەگرنگی ئەم دەرامەتە رۆژ لەدوای رۆژ لە زیادبوونی بەردەوامدایە.

باسکردن لە دەرامەتی ئاو و دیاریکردنی کێشەو چارەسەرەکانی لەهەر ناوچەیەک بێت لە بنەما سەرەکیەکانی کاری توێژەرانی جوگرافیایە، بەهۆی ئەوەی کە ئاوی ژێرزەوی لە زۆربەی شوێنەکاندا سەرچاوەکەی بۆ ئاوی داباریوی ناوچەکە دەگەرێتەوە و پاشان داچۆڕانی بەناو چینە جیۆلۆجیەکانی ناوچەکەدا دەگوازرێتەوە بۆ گەنجینەکان ئەگەری گۆڕانی رەگەزە(کیمیای و فیزیا)یەکانی هەیە.

## ١ - کێشەی لێکۆڵینەوە:

أ – دیارنەبوونی ناوچە هەژار و دەوڵەندەکانی ئاوی ژێرزەوی لە سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ ئەوەی وەك بەرچاوروونیەك سوودی لیوەربگیرێت بۆ هەڵکەندی بیر.

ب . نا ڕوونی ئاستەکانی جێگیر و گۆڕاوی ئاوی ژێرزەوی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

## ٢ . گریمانەی لێکۆڵینەوە:

أ . هۆکارە سروشتیەکان کاریگەریان لە سەر بڕی بەرهەم و ئاستەکانی جێگیر و گۆڕاوی ئاوی ناوچەکە هەیە.

ب . بەشەکانی باکوری خۆرئاوای ناوچەی لێکۆڵینەوە زۆرترین ئاستەکانی بەرهەم لە خۆدەگرێت لە ناوچەکە.

## ٣ . ئامانجی لێکۆڵینەوە:

أ . دەستنیشانکردنی گەنجینەکانی ئاوی ژێرزەوی ناوچەکە پاشان دیاریکردنی شوێنە دەوڵەمەند و هەژارەکانی ناوچەکە.

ب . دەرخستنی بڕی بەرهەمی ئاوی ژێرزەوی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

ج . دیاریکردنی هەریەك لە ئاستەکانی جێگیر و گۆڕاوی بیرەکانی سنوری ناحیەی دیبەگە.

## ٤ . گرنگی لێکۆڵینەوە:

گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە دانیشتوانی ناوچەکە بۆ سەرجەم چالاکیەکانی ڕۆژانەیان پشت بە ئاوی ژێرزەوی دەبەستن، بەو پێیەی کە ئاوی سەرزەوی لە سنورەکەدا کەمە و بەشی پێداویستیەکان ناکات، سەرەنجام دابەزین و پیسبوونی ئاوی ژێرزەویش زیان بەتەندروستی مرۆڤ و ئاژەڵ و کشتوکاڵی ناوچەکە دەگەیەنێت، هەر بۆیە بەکارهێنانی تەکنیکی شیکاری شیکردنەوەی ئاماری و شوێنی لە سیستمی زانیاریە جوگرافیەکان بۆ جێبەجێکردنی باشترین و ووردترین ڕێگایە کە وێنای تایبەتمەندی ئاوی ژێزەوی بکات.

## ٥. مێتۆدی لێکۆڵینەوە:

جوگرافیا پاڵپشت بە سروشتی بەناویەکداچووی لەگەڵ ژمارەیەك زانستدا، پشت بە ژمارەیەك مێتۆد و ڕێگای لێکۆڵینەوە دەبەستێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر بەشێکی جوگرافیا ژمارەیەك مێتۆدی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆ ئەوەی شیکردنەوەی داتاکانی بەڕێگەیەکی دروست بکات، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا میتۆدەکانی (میتۆدی هەرێمی، مێتۆدی پراکتیکی و مێتۆدی وەسفی شیکاری) بەکار هێنراوە.

## ٦. پلانی لێکۆڵینەوە:

بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە، ئەم لێکۆڵینەوەیەمان دابەشی دوو تەوەرکردووە، لە تەوەری یەکەم باسی ئەم تایبەتمەندیانەمانکردووە کە کاریگەریان لە سەر ئاوی ژێرزەوی ناحیەی دیبەگە هەیە وەك (جیۆلۆجیا، بەرزی و نزمی، پلەی لێژی)، لە تەوەری دووەمدا شیکاری پێویستمان بۆ دابەشبوون و داتا هایدرۆلۆجیەکانی بیرەکانی سنوری ناحیەکە کردووە.

## ٧. ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە:

أ . شوێنی ئەسترۆنۆمی سنوری ناحیەی دیبەگە:

ناحیەی دیبەگە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (٥٠" ٤٢' ٣٥°) و (٥٠" ٠٢' ٣٦°)ی باکوری نیوە گۆی زەوی وە هێڵەکانی درێژی (٣٠" ٥٥' ٤٣°) و (٣٠" ٢٨' ٤٣°)ی خۆرهەڵاتی هێڵی گرنج بۆ بەرچاوروونی سەیری نەخشەی (١-١) بکە.

ب . پێگەی کارگێڕی ناوچەی لێکۆڵینەوە:

ناحیەی دیبەگە دەکەوێتە بەشەکانی خۆرهەڵاتی سنوری قەزای مەخمور و بەشی باشوری خۆرهەڵاتی سنوری پارێزگای هەولێرەوە، ئەم ناحیەیە سنوری هاوبەشی لەگەڵ چەندین یەکەی کارگێڕی دەور وپشتی خۆی هەیە، لە دیاترینیان هەریەك لە بەشی خۆرهەڵاتی لەگەڵ قەزای دەشتی هەولێر سنوری هەیە، بەڵام لە باشوری خۆهەڵاتی لەگەڵ پارێزگای کەرکوك و لە باشوریشەوە ناحیەی قەراج کە هەر سەر بە قەزای مەخمورە، هەروەها لە بەشی خۆرئاوا ڕاستەوخۆ بە ناحیەی سەنتەرەوە بەستراوەتەوە، وە لە بەشەکانی خۆرهەڵات و باکوریەوە

هەریەك لە ناحیەكانی گوێڕ و شەمامكە. بڕوانە نەخشەی (١-٢).

نەخشەی (١-١) شوێنی ئەسترۆنومی ناحیەی دیبەگە.




نەخشەی (١-٢) شوێنی ناوچەكە بەگوێرەی پارێزگای هەولێر.




سەرچاوە/ سەرچاوە كاری توێژەران پشت بەست: ١- حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، شێپفایلی پارێزگای هەولێر.

٢- بەكارهێنانی بەرنامەی (ArcMap Arc Gis 10.8).

١- شیكردنەوەی سیماكانی ڕووپۆشی زەوی سنوری ناحیەی دیبەگە؛ كە كاریگەرییان لەسەر بەرهەمی ئاوی ژێرزەوی هەیە.

پێشەكی

پێكهاتە سروشتییەكانی هەر ناوچەیەك ڕۆڵ و كاریگەری گرنگیان لەسەر بڕ و جۆری ئاوی ژێرزەوی هەیە، لەبەرئەوە پێویستە لە هەر لێكۆڵینەوەیەكی هایدرۆجیۆلۆجی ئەم پێكهاتانە باس بكرێن و ڕۆڵ و كاریگەریەكەیان دەستنیشان بكرێت، لە دیارترینیان (تایبەتمەندی جیۆلۆجی، بەرزی و نزمی ڕووی زەوی، خاك)، كە ئەمەش بۆگەیشتنە بە دیاریكردنی مەودای پەیوەندیان بە بەرهەمی ئاوی ژێرزەوی لە سنوری ناحیەی دیبەگە.

لەم بەشەی لێكۆڵینەوەكەماندا هەوڵدەدەین باسی ئەو هۆكارانە بكەین كە لە سەرەوەن و ڕووپۆشی ڕووی زەوی ناوچەكەیان كردووە، شیكردنەوە بۆ یەك بەیەكیان ئەنجامدەدەین، بۆیە بە گوێرەی ڕیزبەندیەكەیان لە خوارەوە خراونەتەڕوو:-

١-١-پێكهاتەی جیۆلۆجی:

هەروەك لە نەخشەی (١-٣)دەردەكەوێت، ناوچەی لێكۆڵینەوە لەڕووی پێكهاتەی جیۆلۆجییەوە جۆراوجۆرە، تەمەنی پێكهاتەكانیش لە پێكهاتەیەكەوە بۆ پێكهاتەیەكی تر دەگۆڕێت، بە پێی تەمەنیان لە كۆنەوە بۆ نوێ دەیانخەینەڕوو و شوێنی جوگرافییان بەم شێوەیە دیاری دەكرێت.

## ١-١-١: پێكهاتەكانی ماوەی تەمەنی دووەم:

### ١-١-١-١- پێكهاتەی شیرانش (Shiranish Fm):

پێكهاتەی شیرانش تەمەنی بۆ سەردەمی كریتاسی سەروو دەگەڕێتەوە (الحسني، ٢٠٠٠، ص٣٧)، ئەستوری ئەم پێكهاتەیە لە نێوان (١٥٠ - ٢٢٨م) دایە (الطالباني، ٢٠٠٩، ص٧١)، لە بەشی خوارەوە لە چینە بەردی كلسی تەنك هاوشێوەی لایمستۆن و لایمستۆنی مارلی (marly limestone) پێكدێن، بەڵام بەشی سەرەوەی مارلی ڕەنگ شینە، بەهۆی ئەوەی جۆری بەردەكانی لەجۆری تاوێری مارلی و گەچی لایمستۆنی مارلی ڕەنگ شینە، ئەم پێكهاتەیە بێ كونیلە و توانای ئاو عەمباركردنی نییە (عزیز، ٢٠٠٧، ص٢٥). ئەم پێكهاتەیە لە

(٠،٠٤٪) ناوچەی لێکۆڵینەوەی ڕووپۆشکردووە، کە دەکاتە (٠,٣کم٢)، کە لە بەشەکانی باشوری خۆرئاوای ناحیەکە بەرچاودەکەوێت. بڕوانە خشتەی (١-٣).

## ١-١-٢: پێکهاتەکانی ماوەی تەمەنی سێیەم:

پێکهاتەکانی ئەم ماوەیە بەگوێرەی تەمەنیان بەسەرچەند چاخێك دابەش دەبن:

### ١-١-٢-١- چاخی ئەیۆسین (Eocene):-

پێکهاتەکانی ئەم ماوەیە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە خۆیان لەم سێ جۆرەی لای خوارەوە دەبیننەوە، کە ڕووبەری سەرجەمیان دەگاتە (٣٠٤,١کم٢) لە (٢٠,٤٣٪) ناوچەکە پێکدێنن. بڕوانە خشتەی (١-٣).

### ١-١-٢-١-١- پێکهاتەی پیلاسپی(Pilaspi Fm):-

دروستبوونی ئەم پێکهاتەیە بۆ ناوەڕاستی سەرەوەی ئەیوسین دەگەڕێتەوە (نامق، ٢٠٠٨، ص١٤)، چینە بەردەکانی لە بەردی کلس و دۆڵەمایتی پێکدێت، ڕەنگێکی سپی مەیلە و زەردی هەیە (عبدالقادر، ١٩٩١، ص٩).

توانای بۆ گلدانەوە و گەنجینەکردنی ئاوی زۆرباشە، بەهۆی ئەوەی کە درزدار و دەڵینەرە، دەکەوێتە سەر پێکهاتەیەکی نادەڵێنەر، بەهۆی کاریگەری گۆڕانکارییە جیۆلۆجییەکانەوە دەبێتە هۆی دەردانی ئاوی ژێرزەوی لە شێوەی سەرچاوەی کانی (محمد، ٢٠٠٩، ص٢٤)، ڕووبەرەکەی لە سنوری ناوچەکە دەگاتە (١,٣کم٢)، کە ئەم ژمارەیە هاوتای لە(٠,٢٪)ی کۆی ڕووبەری ناحیەکەیە.

### ١-١-٢-١-٢- پێکهاتەی عنە-تارجیل-باجوان:

دروستبوونی ئەم پێکهاتەیە بۆ سەردەمی ئەیوسین دەگەڕێتەوە، چینە بەردەکانی لە بەردی کلس و دۆڵەمایتی پێکدێت، ڕەنگێکی سپی مەیلە و زەردی هەیە (عبدالقادر، ١٩٩١، ص٩)، توانای بۆ گلدانەوە و گەنجینەکردنی ئاوی زۆرباشە، بەهۆی ئەوەی کە درزدار و دەڵینەرە، دەکەوێتە سەر پێکهاتەیەکی نادەڵێنەر، ڕووبەرەکەی لە سنوری ناوچەکە دەگاتە (٢١,٩کم٢)، کە ئەم ژمارەیە هاوتای لە(٣,٠٥٪)ی کۆی ڕووبەری ناحیەکەیە. بڕوانە خشتەی (١-٣).

### ١-١-٣- چاخی مایۆسین (Micene):-

ئەم چاخەیان دەکەوێتە دوای چاخی پلایۆسین لەماوەی سێیەم، نیشتەنیەکانی کە لەم ماوەیەدا نیشتوون ڕووبەریان دەگاتە (٤٧٢,٣کم٢) کە دەکاتە نزیکەی لە (٦٥,٨٪) کۆی ڕووبەری ناحیەی دیبەگە، نیشتەنیەکانیش ئەمانەن:-

### ١-١-٣-١- پێکهاتەی فتحە (فارسی خواروو)( Lower Fars Fm):

نیشتەنیەکانی فارسی ژێرینە لە مایۆسینی ناوەڕاست(Middle Miocene)دا دروستبوون، چینە بەردەکانی بریتیە لە بەردی قورینەی سور و لایمستۆن بەدەردەکەوێت بەرزایی دروستکردووە (سابیر، ٢٠٠٦، ل٢٠)، بەشی سەرەوەی لەبەردی قوڕی ڕەنگ سور پێکدێت، بەڵام لە بەشی ژێرەوەیدا بەردی مارل و جبس و ئەنهایدرایت و بەردی لایمستۆن و لم بەدیدەکرێت، ئەم پێکهاتەیە لە چەند ناوچەیەکی جیاواز لە بەشەکانی باشوری خۆرئاوای ناوچەی لێکۆڵینەوە بوونی هەیە، لە ڕووی عەمبارکردنی ئاوی ژێرزەوییەوە نیمچە عەمبارکەرە، واتە ئاوی ژێرزەوی لەم ناوچانەدا مامناوەندە (عبداللە، ٢٠٢٣، ل ١٦ -١٧)، ئەستوری ئەم پێکهاتەیە دەگاتە (٤٢٠م)، ڕووبەری ئەم پێکهاتەیە لە (٨,٥٪)کۆی ڕووبەری ناوچەکە، دەکاتە (٦١,١کم٢). بڕوانە خشتەی (١-٣).

### ١-١-٣-٢- پێکهاتەی ئینجانە (فارسی سەروو)( Upper Fars Fm or InjanaFm):-

دروستبوونەکەی بۆ کۆتاییەکانی چاخی مایۆسین دەگەڕێتەوە، لە بەردی قوڕی سور و سڵت و چین چینی تەنك لە لم پێکدێت، ئەستوری ئەم پێکهاتەیە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگاتە(٦٠٠)(حداد، ٢٠٠٠، ص٥٠)، لەنیشتووی داخوراوی ناوچەی چیا بەرزەکان پێکهاتووە، کە ڕووبارەکان لە سەردەمی مایۆسن لەم ناوچانەدا نیشتاندویانن(الحیدري، ٢٠٠٣، ص٢٣)، توانای بۆ عەمبارکردنی ئاوی ژێرزەوی باش نییە(عبداللە، ٢٠٢٣، ل ١٦ - ١٧). لە زۆربەی ناوچەکان لەسەر ڕووی زەوی بەبێ هەڵکۆڵین دیارە، ڕووبەری دەگاتە (٥٨,٤کم٢)دەکاتە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لە (٨,١٣٪) ڕووبەری ناحیەی دیبەگە.

١-١-٤- چاخی پلایۆسین (Pliocene):- ئەم چاخە دەکەوێتە ماوەی سێیەم، نیشتەنییەکانی ئەم ماوەیە لە(١٥,٨٣٪) سنوری ناحیەکە پێکدێنن، کە ئەویش دەکاتە (٢٣٥,٦کم٢)ی ناوچەکە، پێکهاتەکانیش ئەمانەی خوارەوەن:

**خشتەی(١-٣) تەمەن و جۆر و ڕووبەر و ڕێژەی پێکهاتە جیۆلۆجیەکان لە سنوری ناحیەی دیبەگە.**

| تەمەن | پێکهاتەی جیۆلۆجی | پێکهاتەی جیۆلۆجی | تایبەتمەندیە بەردینەکان | ئەستووری بە(م) | توانای بۆ گنجینەکرنی ئاو | ڕووبەرە (کم2) | ڕێژەی لە (%)دا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دووەم | کریتاسی (Cretaceous) | شیرانش | تاوێری مارل و گەچی لایمستۆنی و مارلی سەڵتی | 228 – 150 | باش نیە | 94 | 6.3 |
| سێیەم | ئیۆسین (Eocen) (٥٨ملیۆن ساڵ) | بیلاسپی | بەردی نیشتووی لایمستۆنی دۆڵۆمایتی و بەردی دۆڵۆمایت ولایمستۆنی تەباشیری و مارلی کلسی. | 200-100 | زۆر باشە | 167.3 | 11.2 |
| | | عنە-تارجیل-باجوان | لایمستۆنی دۆڵۆمایتی و بەردی دۆڵۆمایت ولایمستۆنی تەباشیری و مارلی کلسی. | - | ناوەند | 21.9 | 3.05 |
| | مایۆسین (Miocene) (٢٢ملیون ساڵ | فەتحە (ف.خواروو) | کۆنگلۆ مرێت وجبسم وأنهایدرایت ومارلی ڕەنگ شین ولایمستۆن و بەردی لمی. | 420 | ناوەند | 61.1 | 8.5 |
| | | ئینجانە (ف.سەروو) | ەردی قوری ڕەنگ سوور وبەردی لمی قوڕی وسڵتی. | 600 | باش نیە | 58.4 | 8.13 |
| | پلایۆسین (Pliocene) (١٣ملیۆن)ساڵ | المقدادیە-بەختیاری خواروو | بەردی کۆنگلۆمرێت و بەردی سڵت و بەردی قوڕ و بەردی لمی تەنك. | 1000 | باشە | 145.5 | 20.3 |
| | | بای حسن-بەختیاری سەروو | بەردی کۆنگلۆمرێت و بەردی قوڕ و بەردی سڵت. | 600 | زۆر باشە | 164.3 | 22.88 |
| چوارەم | هۆڵۆسین (Holocen)و پلایستۆسین (Pliestocen) | نیشتووەکان | خڕەبەرد و چەو و لم و قوڕوبەردی سڵتی و بەردی قەبارە جیاواز. | جیاوازە | زۆر باشە | 222.1 | 30.9 |
| کۆی گشتی | | | | | | 1488.5 | 100 |

سەرچاوە:- کاری توێژەران بەپشتبەستن بە:- ١- نەخشەی (١-٣). ٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(د.مسعود حسین حمید)، مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێجی زانست، لە بەرواری(١٢-٤-٢٠٢١). ٣. ( الطالباني، ٢٠٠٩، ص٨٦-٨٧).

.4-Fao Coordination office for Northern Iraq.Hydrology of northern Iraq Vol (1). Erbil. 2003. p131

### 1-1-4-1- پێکهاتەی بەختیاری خواروو (مقدادیە)( Lower Bakhtiary Fm):

ئەم پێکهاتەیە لە چینە بەردی کونگلۆمریت پێکدێت، بەهەمان شێوەی بەختیاری سەرینە تەمەنی بۆ چاخی پلایۆسن لە ماوەی سێیەمە، جۆری بەردەکانی لە کۆنگلۆمریتی چین چین پێکدێت، کە لە نێوانیاندا بەردەکانی سڵت و قوڕی هەیە، ئەم پێکهاتەیەش لە بەشی باکوری ناوچەکە لە ناحیەی هەریر بەدیاردەکەوێت، ئەستوریەکەی (١٠٠٠م) دەبێت (عبدالعزیز، ١٩٩٩، ص٣٠)، یارمەتی عەمبارکردنی ئاوی ژێرزەوی دەدات ( قادر، ٢٠١٢، ص١٣)، ڕووبەری ئەم پێکهاتەیە لە ناوچەکەدا دەگاتە (١٤٥,٥کم٢)، کە لە(٢٠,٣٪) کۆی ڕووبەری ناحیەکە. بڕوانە خشتەی (١-٣).

### ١-١-٤-٢- پێکهاتەی بەختیاری سەروو ( Upper Bakhtiary Fm) بای حسن:

تەمەنی ئەم پێکهاتەیە لە کۆتایی چاخی پلایۆسین لە سەردەمی سێیەم دەستپێدەکات، لە چینە بەردی قوڕی و زیخ و لمی بەردیی و لمی تێکەڵ بە چەو پێکهاتووە(سابیر، ٢٠١٤، ل٢٠)، یارمەتی زیادبوونی ئاوی ژێرزەوی دەدات و تونای گەنجینەکردنی باشە(الحیدري، ٢٠٠٣، ل٢٧)، بە ئەستوری (٦٠٠م) ڕووبەری (١٦٤,٣کم٢) لە بەشەکانی ناوەڕاستی ناوچەی لێکۆڵینەوە بڵاوبۆتەوە. بڕوانە خشتەی (١-٣).

١-١-٥- نیشتووەکانی ماوەی چوارەم نیشتووە تازەکان (Quarternary) نیشتووە تازەکان(Recent sediments):

تەمەنی نیشتووەکانی بۆ هەردوو چاخی پلایستۆسین و هۆڵۆسین (Pleistocene and Holocene) دەگەڕێتەوە، بەشێوەیەکی گشتی لە نیشتەنی پلە بەندی ڕووباری نیشتەنی پێدەشتی چیاکان و نیشتەنیە باوەشێنییەکانی پێکهاتوون (حمد، ٢٠١٣، ص١٠)، لە کاتی دابارینی باران

لە قەدپاڵی چیاکانەوە ڕاماڵراون و لە خوارەوە نیشتوون، لەسەرەتادا بەشێوەی بەستەڵەك نیشتوون پاشان چەو و لم و غریەن نیشتوون، دواتریش ڕووبەڕووی پرۆسەی وشکبوونەوە بوونەتەوە، بۆیە ئەم پێکهاتە بۆ زبریی گۆڕانی بەسەرداهاتووە و جۆری بەردەکانیان لە جۆری خڕەبەرد و چەو و لم و مادەی قوڕ و سڵتە، ئەستوریان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر گۆڕانکاری بەسەردادێت، کە لەهەندێك شوێن دەگاتە (٢٠م)یان زیاتریش، ئەم نیشتەنیانە ئاستی کونیلەداریان بەرزە، ئەمەش هۆکارێکی گرنگە بۆ گلدانەی ئاوی ژێرزەوی بۆیە بە ناوچەیەکی گرنگ دادەنرێن لە گلدانەوەی ئاوی ژێرزەوی لە ناوچەکە (Dartash،p٢،٢٠١٢)، ڕووبەرێکی فراوان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەتایبەت ناوچە نزمایییەکانی دەوری ڕووبارەکان و کۆتاییان ڕووپۆش دەکەن، لە دیارترین ناوچەکان هەریەك لە دۆڵی ڕووبارەکانی ( بەستۆرە، ماوەران، ئاژگە، بەربیان، هرەش و کەناری زێی گەورە) بەرچاوەدەکەون، کە ڕووبەری داپۆشراوی ئەم پێکهاتانە دەگاتە (٢٢٢,١کم٢)کە دەکاتە لە (٣٠,٩٪) کۆی ڕووبەری ناحیەی دیبەگە، پێکهاتەکانی پلایستۆسینی بۆ گلدانەوەی ئاوی ژێرزەوی سوودی باشی لێدەبینرێت، بەهۆی بوونی ئەم بۆشایی و شکانانەی لە نێوانیاندایە.

لە کۆتایی ئەم باسەدا ئەوە دەخەینە ڕوو لە کۆی پێکهاتەکانی جیۆلۆجی ناوچەی لێکۆڵینەوە کە ڕووبەری سەرجەمیان دەگاتە (٧١٧,٩کم٢)، کە نزیکەی لە (٨٥,٥٪) پێکهاتەکانی ناوچەکە لە جۆری ڕێگە پێدەری باشن بۆ گەنجینەکردنی ئاوی ژێرزەوی. بڕوانە خشتەی (١-٣).

٢.١: تۆپۆگرافیای ناوچەی لێکۆڵینەوە:

بەرزی و نزمی بەفاکتەرێکی کاریگەر لە سەر لەبەر ڕۆیشتنی ئاوی سەرزەوی و ئاوی ژێرزەوی دادەنرێت، بەجۆرێك ناوچە دەشتاییەکان کە ڕێژەی بەرزی و نزمی و لێژی کەمە داچۆڕانی ئاو تیایدا زۆزە و خێرایی ڕۆیشتنی ئاو کەمە ، کە ئەمە بۆ ناوچە بەرزاییەکان پێچەوانەیە، لە بەرئەوەی ناوچە بەرزاییەکان پلەی لێژی زۆرە، بۆیە خێرایی ڕۆیشتنی ئاو زۆرە، ئەم هۆکارە بۆتە هۆی ئەوەی دەرفەتی داچۆڕان لەم ناوچانە کەمبێت.

ناوچەی لێکۆڵینەوە بە بوونی جۆراوجۆریەتی بەرزی و نزمی لێك جیادەکرێتەوە، خۆیان لە چیا و دۆڵ و گرد و دەشتی فراوان دەنوێنن، ئەم جۆراوجۆریەتی ڕووی زەویە وا دەکات ئەم ناوچەیە تایبەتمەندی تایبەتی خۆی هەبێت.

بەگشتی ڕووی زەوی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە نێوان (٢٣١-٨٥٠)م دایە لە ئاستی ڕووی دەریا، جیاوازی نێوان نزمترین و بەرزترین خاڵی سنوری قەزاکە یەکسانە بە(٦١٩)، بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی بەرزی و نزمی سنوری ناحیەی دیبەگە پشتمان بە فایلی مۆدێلی بەرزی و نزمی ژمارەیی (Digital Elevation Model) (Dem 12.5) بە سودبینین لە بەرنامەی (Arc GIS:10.6)، یەکە بەرزی و نزمییەکانی ناوچەکەمان لە سەربنەمای لێژی بە سەر پێنج گرووپ دابەشکردووە.

١-٢-١- دابەشکردنی ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ چەند گرووپێکی بەرزی و نزمی:

لەڕووی بەرزونزمیەوە ناوچەکەمان دابەشی سێ گرووپی بەرزی کردووە کەئەوانیش لە خشتەی(١-٢) ونەخشەی(١-٤)دا بەڕوونی دیارن.

١-٢-١-١- گرووپی یەکەم: ئەم گرووپە نزمترین بەشەکانی سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگرێتەوە، کە بەرزیان لە نێوان (٢٣١ – ٣٤٠م)دایە لە ئاستی ڕووی دەریا، ئەم بەشە لە ناوچەکانی بەشکانی ناوەڕاستی ناوچەکە داگیردەکات، کە ئاراستەی درێژبوونەوەی باکوری خۆرئاوا باشوری خۆرهەڵاتە، ڕووبەرەکەی دەگاتە (٥٤٣،٤کم٢)، دەتوانین بڵێن؛ ڕێژەی لە (٧٥,٧٪)ی کۆی ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگرێتەوە، لە ناوچەی ئەم گرووپەدا گۆشەی لێژیی زۆر بچوکە، ئەم هۆکارە وایکردووە ئەم ناوچەیە ببێتە شوێنی کۆبوونەوەی نیشتەنیەکان، بۆیە دەتوانین بڵێن ناوچەیەکە بۆ داچۆڕانی ئاو گرنگە.

نەخشەی(١-٣)پێکهاتە جیۆلۆجییەکانی سنوری ناحیەی دیبەگە.




نەخشەی(١-٤)بەرزی و نزمی ناحیەی دیبەگە.




سەرچاوە/ کاری توێژەران پشتبەستن بە: ١.بە بەکارهێنانی بەرنامەی (Sissakian,1997, NJ-38-14 and NJ-38-15) (Arc GIS10.6)

### ١-٢-١-٢-گرووپی دووەم:

شوێنی جوگرافی دەکەوێتە نێوان گرووپی نزمترین و گرووپی بەرزترین، کە بەرزی و نزمی ئەم گرووپە وەك لە خشتەی (١-٤)دا دیارە دەکەوێتە نێوان (٣٤٠,١-٥٤٠م) لە ئاستی ڕووی دەریا، ڕووبەری ئەم گرووپە زیاتر لە بەشەکانی باشوری خۆرئاوای ناوچەی لێکۆڵینەوە بەرچاودەکەوێت، وە بەشێکی بچووکیشی دەکەوێتە بەشەکانی باشوری خۆرهەڵاتی ناوچەکەوە، ڕووبەرەکەی دەگاتە (١٥٠,١کم٢)، ئەم ڕووبەرە دەکاتە لە (٢٠,٩٪) کۆی ڕووبەری دەڤەری لێکۆڵینەوە، بەهۆی ئەوەی ئەم گرووپە دەکەوێتە دامێنی بەرزاییەکانەوە، بۆیە ساڵانە زۆرترین نیشتەنی چیاکانی لێدەنیشێت، کەواتە دەتوانین بڵێین بەهۆی ئەم نیشتەنیانەوە خێرایی ئاوی داباریو کەم دەکات و دەرفەتی داچۆڕان زیاددەکات، کە ئەمەش هۆکارێکە بۆ زیادبوونی ئاوی ژێرزەوی لەم ناوچانە.

### ١-٢-١-٣- گرووپی سێیەم:

ئەم گرووپە بەرزترین بەرزاییەکانی سنوری ناحیەکە لە خۆدەگرێت، بۆیە بەرزیەکەی دەکەوێتە بەرزی نێوان (٥٤٠,١ – ٨٥٠م)لە ئاستی ڕووی دەریا، بەوە دەناسرێت؛ لێژی زۆرە بەهۆی ئەوەی بەرزی و نزمی زیاترە، ڕووبەرەکەی تەنها (٢٤,٤کم٢)، کە تەنها لە (٣,٤٪)ڕووبەری قەزاکە پێکدێنێت، بەو پێیەی کە لێژی زۆرە دەرفەتی داچۆڕانی ئاوی کەم دەبێت.

بەهۆی ئەوەی کە تێبینی دەکەین لە ئەنجامی نەخشەی (١-٤) و خشتەی بەرهەمی دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ڕووی بەرزی و نزمیەوە زۆرترین ڕووبەری سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە گرووپی تەختانی، کە ئەمەش دەرفەتی داچۆڕانی ئاو بۆ ناوچەکە فەراهەم دەکات، بەهۆی ئەوەی کە پلەی لێژی کەمترینە.

**خشتەی (١-٤) گرووپەکانی بەرزی و نزمی سنوری ناحیەی دیبەگە.**

| ژ | بەرزونزمی(کم2) | رووبەر(کم2) | رێژەی(%) |
|---|---|---|---|
| 1 | 340 – 231 | 543.4 | 75.7 |
| 2 | 540 – 340.1 | 150.1 | 20.9 |
| 3 | 840 – 540.1 | 24.4 | 3.4 |
| کۆ | | 717.9 | 100 |

**سەرچاوە/ کاری توێژەران بەپشتبەستن بە، نەخشەی (١-٤).**

## ٣.١: شیکاری پلەی لێژی ناوچەی لێکۆڵینەوە(SLOP):

لێژی؛ واتە لادان، یان خواربوونەوەی لە ئاستی ئاسۆیی، پلەی لێژیش زیاد دەکات تاوەکو ئەندازەی لادان یان لاربوونەوە زیادبێت (الدلیمی، ٢٠١٢، ص٨٨)، بۆ دیاریکردنی پلە جیاوازەکانی لێژی ناوچەی لێکۆڵینەوە، لە ڕێگەی فایلی (DEM ١٢,٥)ی بە بەکارهێنانی بەرنامەی (Arc GIS V.10.6) نەخشەی بەرزی و نزمی ناحیەی دیبەگەمان خستۆتە بەرچاو، پاشان بە سودوەرگرتن لەم نەخشەیە بە پێی پۆلینکاری (1988-1989Zinc) نەخشەی پلەکانی لێژییمان دروستکردووە و ئەنجامی ژمارەیی نەخشەکەمان لە خشتەی (١-٣)دا خشتۆتە بەرچاو، بۆشیکردنەوەی ئاستەکانی لێژی لە سنوری ناحیەی لیکۆڵینەوە، ناوچەی لێکۆینەوەمان دابەشی سەر پێنج ئاستی لێژی کردووە، کەمترین لێژی ناوچەکە بەر ناوچە تەختەکان دەکەوێت و بەهێزترینیش بەر ناوچە زۆر لێژەکان دەکەویت. وە لە خوارەوە هەر پێنج ئاستەکە خراوەتەڕوو:

**خشتەی (١-٥) رووبەر و رێژە و پلەی لێژی بە پێی پۆلینکاری زینك (Zinc) لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.**

| ژ | پلەی لێژی | جۆری لێژی | رووبەر بە (کم2) | رێژەی لە (%) |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 1.9 – 0 | تەخت | 330.7 | 46 |
| 2 | 7.9– 2 | شەپۆلاویە ساکارەکان | 345.3 | 48 |
| 3 | 15.9 –8 | شەپۆلاوییەکان | 26.5 | 3.7 |
| 4 | 29.9– 16 | لێژ | 12.1 | 1.7 |
| 5 | 30 + | زۆر لێژ | 3.3 | 0.6 |
| کۆی گشتی | | --- | 717.9 | 100 |

سەرچاوە/ کاری توێژەر، پشتبەست بە: ١. نەخشەی (١-٥). ٢. (Stam, 1999, P88).

١-٣-١- ناوچەی تەخت: پلەی لێژی ناوچەی تەخت لە نێوان ( ٠ – ١,٩)دایە، رووبەری ئەم ناوچەیەی کە ئەم پلەی لێژیەی هەیە، جگە لە پێچکەم زۆرترین رووبەر داگیردەکات، کە رووبەرەکەی دەگاتە (٣٣٠,٧کم٢)ە، ئەم ژمارەیە دەکاتە تەنها لە (٤٦٪)ی کۆی رووبەری ناحیەی دیبەگە، لە چەند ناوچەیەکی جیاواز بەدیاردەکەون و لە نەخشەی (١-٥) دیارە.

١-٣-٢- ناوچەی شەپۆلاوییەسادەکان: ئەم ناوچانەی کە پلەی لێژییان لە نێوان ( ٢ –٧,٩) دایە بە پێچ کەم ناوبراون، رووبەری گشتییان لە ناوچەکەدا دەگاتە (٣٤٥,٣کم٢)یە، ئەم رووبەرە هاوتای لە (٤٨٪) رووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوەیە، کە زۆرترین رووبەری ناحیەکە داگیردەکات، لە زۆربەی زۆری رووبەری گشتی ناحیەکە بەرچاودەکەوێت جگە لە بەشەکانی خۆرهەڵات و خۆر ئاوا نەبێت.

١-٣-٣- ناوچەی شەپۆلاوییەکان: لە سنوری ناحیەی دیبەگە لە دوای ئەم دوو گرووپەی پێشخۆی پلەی سێیەم داگیردەکات، لەرووی گەورەیی رووبەرەکەی لە سنوری ناحیەکە، کە رووبەرەوە؛ دەگاتە (٢٦,٥کم٢) و پلەی لێژیەکەشی (٨ –١٥,٩)، کە ئەم رووبەرە دەگاتە لە (٣,٧٪) کۆی رووبەری ناحیەی دیبەگە، ناوچە گردەکان و تەپۆلکەکان دەگرێتەوە.

١-٣-٤- ناوچەی لێژ: ئەم ئاستەی لێژیی لە سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە رووبەرەکەی تەنها ( ١٢,١کم٢)، کە دەکاتە لە (١,٧ ٪) رووبەری ناحیەکە، ئەم ناوچەیە پلەی لێژییان دەکەوێتە نێوان پلەکانی (١٦–٢٩,٩)، کە ناوچەی دامێنی چیاکان و گردە بەرزەکان دەگرێتەوە.

١-٣-٥- ناوچەی زۆرلێژ: کۆتا ئاستی لێژی لە سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە زۆر لێژەکانە، پلەی لێژییەکە لە (٣٠)زیاترە، کە کەمترین ڕووبەری قەزاکە لەخۆدەگرت، ئەویش تەنها (لە (٠,٦٪)ی ڕووبەرەکەیە، وە ئەم ڕێژەیە دەکاتە (٣,٣کم٢)، ئەم پلە لێژییە دەکەوێتە ناوچە شاخاوییەکان.

## ٤.١ خاك (Soil):-

خاك؛ بە هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی، کاردەکاتە سەر ڕۆیشتنی ئاوی ڕووبارەکان، ئەو ئاوەی لەسەر ڕووی زەوییە بێکونیلەکان دەمێنێتەوە دەبێتە هەڵم، یان هەڵدەمژرێت لە لایەن ڕووەکەکانەوە، بەڵام ئەو بەشەی دەڕواتە بەشەکانی خوارەوەش لە کۆگاکانی کۆبونەوەی ئاو لە ناو زەوی گلدەدرێتەوە و دەبنە سەرچاوەیەکی گرنگی ئاوی ژێرزەوی(عزیز، ٢٠٠٧، ص٤٩)، هەروەها ڕۆڵێکی کاریگەری بۆ لە خۆگرتنی ئاوی باران و گلدانەوەی ئاوی ژێرزەوی هەیە، دەبێتە هۆکاری پاڵاوتنی تەنۆلکە و مادەی ورد و بەکتریا بۆ ڕێگریکردنیان و گەیشتنیان بۆ ئاوی ژێرزەوی. (قادر، ٢٠١٢، ص١٨)

خاکی ناحیەی دیبەگە جیاوازە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، هۆکاری جیاوازیەکەشی بۆ هۆکارەکانی دروستبوونی دەگەڕێتەوە، بەشێوەیەکی گشتی ئەستووری خاکی ناوچەکە دەگۆڕێت، لە هەندێك شوێن لە چەند سانتمەترێك تێپەڕنابێت، لە هەندێك شوێن لە چەند مەترێك زیاترە، بۆ ئەوەی بەتەواوی خاکی ناوچەی لێکۆڵینەوە بخەینە ڕوو واپێویست دەکات کە باس لە جۆرەکانی خاك و تایبەتمەندییەکانیان بکرێت.

## ١-٤-١- جۆرەکانی خاك لە ناوچەی لێکۆڵینەوە:

ئەگەر سەیری نەخشەی (١-٦)بکەین دەبینین چوار جۆری خاك لە ناوچەکەدا هەیە، بەڵام ئەگەر بە گوێرەی جۆری ئاووهەوا دابەشیان بکەین، ئەوا تەنها دەکەونە هەرێمی ئاووهەوای گەرمەسێرەوە:

**خشتەی ( ١-٦ ) ڕووبەر و ڕێژەی جۆرەکانی خاك لە سنوری ناحیەی دیبەگە.**

| ژ | جۆری خاك | ڕووبەر لە کۆی قەزا(کم٢) | ڕێژەی لە (%) |
|---|---|---|---|
| 1 | خاکی لیسۆسۆل | 279 | 38.9 |
| 2 | خاکی قاوەیی گەنم ڕەنگ سەر پێکهاتەی بەختیاری | 77.9 | 10.8 |
| 3 | خاکی قاوەیی سەر جبسۆم | 90.9 | 12.7 |
| 4 | خاکی قاوەیی تێر | 270.1 | 37.6 |
| | کۆ | 717.9 | 100 |

سەرچاوە/ کاری توێژەران پشتبەست بە: نەخشەی (١-٦).

١-٤-١-١- خاکی هەرێمی گەرمەسێر (ستێپس):- ئەم جۆرە خاکە، سەرجەم ناوچەکانی دەڤەری لێکۆڵینەوە دادەپۆشێت، کە دەکەوێتە نێوان هێڵەکانی بارانی (٤٠٠ – ٧٠٠ملم)هوە. خاکی ئەم هەرێمە، بەشێوەیەکی گشتی دەنکۆڵەکانی لە خاکی هەرێمی دەریای ناوەڕاست بچوکترە، بۆیەش کونیلە و درزەکانی کەمترە و توانای داچۆڕانی ئاوی کەمترە، ئەم خاکەش بە گوێرەی پۆلێنکاری زانا بیورینگ دابەشی سەر ئەم بەشانە دەبێت:

## ١-٤-١-١- خاکی قاوەیی (گەنم ڕەنگ)سەر پێکهاتەی بەختیاری(Brown Soil Over Baktiary):

ئەم جۆرە خاکە، سەر ڕووی بانەکان و ناو دۆڵەکان و دەشتەکانی داپۆشیوە، ئەم خاکە بەشێوەیەکی گشتی لە(لم، چەو، زیخ، قوڕ و تێکەڵە) پێکدیت، ڕەنگە قاوەیە کاڵەکەی بۆ بوونی ڕێژەی لە (١ - ٢٪)ی ماددەی ئەندامی لە چینەکانی سەرەوەی دەگەڕێتەوە، هەروەها ڕێژەیەکی زۆریش لە جبس لەخۆدەگرێت کە دەگاتە (٥١٪) (خصباك، ١٩٧٣، ص١١٠). ئەم جۆرە خاکە لە ئەنجامی ڕاماڵین لە قەدپاڵی چیاکان دروستبووە، کە باران و بەفری ئەم ناوچانە، لەگەڵ خۆیاندا بۆ بەشەکانی دەشتایی و دۆڵەکانی ناوچەکە ڕایان ماڵیون، بەشێوەیەکی گشتی ئەم خاکە لە ناوچە نزمایيەکان و دۆڵەکاندا ئەستووریان زیاترە، ئەویش بەهۆی ڕاماڵینی بەردەوام لە قەدپاڵی چیاکان و نیشاندنیان لەم

ناوچانەدا، ئەم خاکە کونیلەداری بەرزە و دەبێتەهۆی دزەکردنی ئاو بۆ ناخی زەوی (صالح، ٢٠١٥، ل٣٨).

ئەم جۆرە خاکە بەشێوەیەکی درێژکۆڵەیی لە ناوەڕاستی ناوچەی لێکۆڵینەوە درێژدەبێتەوە، کە ڕووبەرەکەی تەنها (٧٧,٩کم٢) کەمترین ڕووبەری جۆرەکانی خاکە لە ناوچەکە، کە ڕێژەی دەگاتە لە (١٠,٨٪)کۆی ڕووبەری ناحیەکە.

١-٤-١-٢- خاکی لیسۆسۆڵی کلسیی (Limstone Lithosolic Soil): هەروەك لە نەخشەی (١-٦)دا دەردەکەوێت، ئەم جۆرە خاکە لە بەشەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا ناوچەی لێکۆڵینەوە بەدیاردەکەوێت، ئەستورییەکی زۆر کەمی هەیە، بەتایبەتی لە نزیك بەرزاییەکان (الحداد، ٢٠٠٠،ص١٠٤)، تایبەتمەندی ئەم جۆرە خاکە ناکامڵییەکەیەتی کە چینێکی ڕەق لە سەرەوەیە بەرگری لە کرداری کەشکاری دەکات، هەربۆیە بە ڕێژەیەکی زۆر کەم ڕێگە بە تێپەڕبوونی ئاو بۆ ناو خاك دەدات، لە چینی کلس و جبس پێکهاتووە (قارەمان، ١٩٩٩، ل٩٤-٩٥)، ئەم ناوچانەی بەم جۆرە خاکە داپۆشراون بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ بەکاردێت، ئەم خاکە بە ڕێژەی لە (٣٨,٩٪)ی کۆی ڕووبەری قەزاکە و (٢٧٩کم٢) لە ڕووبەری ناحیەی دیبەگە دادەپۆشێت.

١-٤-١-٣- خاکی قاوەیی تێر (Brown Soil): ئەم خاکە لە بەردی لمی نەرم (ناعم) پێکهاتووە و بە چینێکی کلس داپۆشراوە، لەسەر شێوەی کۆبووەوەی کلسی و گەچ و لەژێر ڕووی خاکەکەدا لە قوڵاییەکی کەمدا (أمين، ٢٠١٠، ص٤٦)، تێکسچەری خاکەکەی قوڕینییە قورسە لە چینەکانی ژێرەوەی ڕێژەیەکی زۆر لە کاربۆناتی کالسیۆم لە قوڵایی (٤٠-٦٠سم) کۆبووەتەوە(جاسم، ٢٠١١، ص٣٣)، ئەم جۆرە خاکە بەشەکەکانی ناوەڕاستی ناحیەکە دادەپۆشێت و درێژدەبێتەوە بەئاراستەی باشوری خۆرهەڵات، ئەم ڕووبەرەی ئەم جۆرە خاکە ڕووپۆشی دەکات دەگاتە (٢٧٠,١کم٢) و ئەم ڕووبەرەش هاوتای لە (٣٧,٦٪)ی کۆی ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوەیە،ئەوەی پێویستە بگوترێت ئەوەیە زۆربەی جۆرەکانی خاکی ناوچەکە لە تواناياندا هەیە ڕێگە بە تێپەڕبوونی ئاو بدەن بۆ چینەکانی ژێرەوە، کۆگاکانی ئاوی ژێرزەوی پڕ ئاو بکەن، زۆربەی خاکی ناوچەکەش لە جۆری خاکی ئاووهەوای دەریا ناوەڕاستن، کە بڕێکی بەرچاو بارانی لێدەبارێت.

١-٤-١-٤- خاکی قاوەیی سەرجبسەم: ئەم جۆرە خاکە بەشەکەکانی باکوری سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە ڕووپۆشدەکات و لە خۆی دەگرێت، کە کەمترین ڕووپۆشی بەردەکەوێت لە سنوری ناحیەی لێکۆڵینەوە لەدوای قاوەیی گەنم ڕەنگ، کە ئەویش تەنها (٩٠,٩کم٢)یە، کە ئەو ژمارەیەش هاوتای تەنها لە (١٢,٩٪) کۆی ڕووبەری ناحیەکەیە.

ئەوەی پێویستە بگوترێت ئەوەیە زۆربەی جۆرەکانی خاکی ناوچەکە لە تواناياندا هەیە ڕێگە بە تێپەڕبوونی ئاو بدەن بۆ چینەکانی ژێرەوە، کۆگاکانی ئاوی ژێرزەوی پڕ ئاو بکەن، زۆربەی خاکی ناوچەکەش لە جۆری خاکی ئاووهەوای دەریا ناوەڕاستن، کە بڕێکی بەرچاو بارانی لێدەبارێت.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

نەخشەی(١-٥)دابەشبوونی پلەکانی لێژیی بەپێی پۆلینکاری زینك(Zinc).  نەخشەی(١-٦)دابەشبوونی جۆرەکانی خاك لەسنوری ناحیەکە.







سەرچاوە/ کاری توێژەران، پشتبەست بە: مۆدێلی بەرزونزمی ناوچەی لێکۆڵینەوە(DEM 12.5)، بەرنامەی(Arc GIS.V.10.6) و (Buringh, 1962, P271)

## ٢. دابەشبوون و شیکردنەوەی داتاهایدرۆلۆجیەکانی بیرەکانی سنوری ناحیەی دیبەگە.

پێشەکی: لەم تەوەرەدا باسی چۆنیەتی دابەشوونی بیرەکان و شیکردنەوەی داتاهایدرۆلۆجیەکانی بیرەکان دەکەین کە مەبەستمان لە هەریەك لە (قوڵی، بری بەرهەم، ئاستی جێگیر و ئاستی گۆڕاو)یانە.

### ١.٢: ڕێنوێنی مۆران(Moran index)بۆ دابەشبوونی بیرەکان لە ناوچەکەدا:

ئەم ڕێبەرە بۆ دیاریکردنی شێوازی دابەشبوونی ڕەگەزەکانی لێکۆڵینەوە لە ناوچەیەکی دیاریکراودا بەکاردێت، کە لە ڕێگەیەوە ئاماژە بە نزیکی تایبەتمەندی دیاردە هاوتەریبەکان دەکات لە ناوچەیەکدا، بەم شێوە دیاردە هاوشێوەکان تێکەڵ دەکات بەمەرجێک ڕێژەی جیاوازی نێوان توخمە نزیکەکان بچوکتربێت لە جیاوازی نێوان هەموو توخمەکان، بەهای مۆران لەنێوان(+١و-١)دایە خشتەی (٢-١).

**خشتەی ( ٢ - ١ ) بەهای ڕێبەری مۆران.**

| ژ | بەهای هاوکۆلکەی ئاماری | شێوازی دابەشبوون |
|---|---|---|
| ١ | $0 – 1^{-}$ | لەیەک دوور(متباعد) |
| ٢ | 0 | هەڕەمەکی(عشوائی) |
| ٣ | $1^{+} – 0$ | کۆبوو (متجمع) |

سەرچاوە: کاری توێژەرانان بە پشتبەستن بە(نەوشیروان، ٢٠٢٢، ل٨٦).

بەهای مۆران لەم خشتەیەدا دەکەوێتە نێوان ژمارەکانی(-١و+١)، بەراووردی ئەنجامی شیکاری نموونەکانی ئاوی بیرەکان لە ناوچەکە بە خشتەی ڕێبەری مۆران، ئەوە بەهای (moran’s index) دەکاتە (٠,٨٤٢٥٧٤)، ئەم ژماریە دەکەوێتە نێوان بەهای پێوانەیی  (٠ – +١)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەمانای شێوازی دابەشبوونی کۆبووەوە دێت، هەروەها بەهای (z-score) بریتیە لە(١٠,٥٢٠٨٢١)، بەڵام

بەهای پێوەری(p-value) دەکاتە(٠,٠٠٠٠٠٠) ، بڕوانە شێوەی (٢-١)ئەم بەهایە بچوکترە لە بەهای (٠,٠٥) کە لە پێوەرە ئامارییەکاندا ئەو بەهایەیە کە گریمانەی بنەڕەتی(سفری) و گریمانەی جێگرەوەی لەسەر دەستنیشاندەکرێت، لەبەرئەوە  گریمانەی بنەڕەتی(سفری) ڕەتدەکەینەوە، کەدەڵێت هیچ هۆکارێک نیە لە پشت دابەشبوونی بیرەکانی سنووری ناحیەکە بەشێوەی کۆبووەوەی نزیک لەهەڕەمەکی، بۆیە گریمانەی جێگرەوە پەسەند دەکەین، کە ئاماژە بەوەدەکات دابەشبوونی بیرەکان دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار، کە گرنگترینیان بریتیە لە دابەشبوون بەگوێرەی ئەو ناوچانەی، کە حکومەت دیاریکردووە بۆ هەڵکەندنی بیرەکان لە نزیکی لە سەنتەری قەزا و ناحیە و گوندەکان، چونکە دانیشتوان بۆ سەرجەم پێداویستیەکانیان پشت بە ئاوی ژێرزەوی دەبەستن، ئەمە جگە لە پێکهاتەی جیۆلۆجی و بەرزی و نزمی جۆری خاک و و ڕووپۆشی.

نەخشەی (٢-١)دابەشوونی بیرەکانی سنوری ناحیەی دیبەگە.    شێوەی( ٢-١ )ڕێنمونی مۆراڵ بۆ دابەشبوونی بیرەکانی ناحیەی دیبەگە.







سەرچاوە/ سەرچاوە کاری توێژەران پشت بەست: ١- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، شێپفایلی پارێزگای هەولێر.

٢- بەکارهێنانی بەرنامەی (ArcMap Arc Gis 10.8) پشت بەست بە نەخشەی ژمارە(٢-١) و خشتەکانی (١) و (٢)ی پاشکۆ.

## ٢.٢: شیکردنەوەی داتا هایدرۆلۆجیەکانی بیرەکان لە سنوری بەرزی ناحیەی دیبەگە:

مەبەست لە تایبەتمەندیەهایدرۆلۆجیەکانی ئاوی ژێرزەوی هەرناوچەیەك، بریتیە لە خستەنەڕووی دابەشبوون و پێوانەی بڕی بەرهەمی و ئاستی جێگیر و گۆڕاوی ئاوی بیرەکانە، بۆیە ئێمەش لێرەدا هەوڵدەدەین بەووردی لەسەر ئەم بابەتە بدوێن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم ناوچەی لێکۆڵینەوەیەی ئێمە کاری لەسەر دەکەین کەمترین بڕی کانیاو و کارێزی تێدایە بۆیە ئێمە لێکۆڵینەوەکەمان تایبەتکردوە بە بیرەکانی ناوچەکە.

بیر، بریتیە لە هەڵکەندنی چاڵێکی ستونی لەزەویدا کە لە مەترێك کەمتر نیە لەسەرزەویەوە دەست پێدەکات تادەگاتە ئاستی ئاوی ژێرزەوی(Water Table) (أمین ، ٢٠١٠، ل ٤٠)، وە بیرەکان ڕێگەیەکی باو و گرینگە بۆ دەستکەوتنی ئاوی ژێرزەوی لە گەنجینەکانی ژێرزەوی (قادر، ٢٠١٢، ص ٦١)، هەڵکەندنی بەدەست یان بە هەندێك ئامێرێکی تری سەرەتایی یەکەم ڕێگەی بەدەست هێنانی ئاوی ژێر زەوی بووە، بۆ مەبەستی پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی مرۆڤ لە ئاو و پاشان لەم سەدەی دوایدا ئەم ئالات و ئامێرانە پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

(الطالبانی، ٢٠٠٩، ص ٤٦).

لەگەڵ هاتنی ساڵانی وشکە ساڵی لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بەرە بەرە بیرەدەستیەکان وشکیانکرد بەهۆی ئەم بارودۆخە ئاو و هەواییەی کەچەند ساڵێکە روویان لە ناوچەکە کردووە بۆتە هۆی دابەزینی ئاستی ئاوی ژێرزەوی، کە ساڵانە بڕێکی کەم لە باران دەبارێت، بۆیە خەڵکی ناچار بوو پەنابەرێتە بەر هەڵکەندنی بیر بە ئامێری پێشکەوتوو، بەتایبەتی لە دوای رووخانی حکومەتی بەعس رێژەیەکی بەرچاو لە ئامێری هەڵکەندنی بیری تایبەت بڵاو بۆوە، هەڵکەندی بیری تایبەتی بە نرخێکی گونجاو بەتایبەتی لە ناوچە دێهاتەکان بەهۆی کەمی سەرچاوەی ئاوی بیرەکان.

بیرەکانی سنوری لێکۆڵینەوەمان دابەشی ئەم جۆرانە بوون.

أ - بیری کەرتی گشتی(بیری قووڵ)(حکومیەکان):- ئەو جۆرە بیرانەن کە بەشیوەیەکی فەرمی لە لایەن بەرێوەبەرایەتی ئاوی ژێرزەوی هەولێر لە نێوان ساڵانی(٢٠٠٣- ٢٠٢٣)دایە، بەمەبەستی پرکردنەوەی پێداویستیەکانی ژیانیان بە تایبەت لەو گوندانەی کە دەکەونە دووری سەرچاوە ئاویەکانی سەرزەوی. بڕوانە هەریەك لە خشتەی ( ٢ – ٢).

**خشتەی ( ٢ - ٢ )داتای هایدرۆلۆجی بیرەکانی کەرتی گشتی لە سنوری ناحیەی دیبەگە.**

| ز | تایبەتمەندی | ژمارە | بچوکترین | گەورەترین | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | مەودا | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | قووڵی | 50 | 120 | 450 | 209 | 72 | 330 | 11628 |
| ٢ | بەرهەم | 50 | 12 | 270 | 80 | 55 | 258 | 4787 |
| ٣ | ئاستی جێگیر | 50 | 13 | 112 | 55 | 24 | 99 | 2783 |
| 4 | ئاستی گۆڕاو | 50 | 25 | 201 | 86 | 32 | 176 | 4338 |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەست بە خشتەی (١)ی پاشکۆ.

ب - بیری تایبەت(ئەهلییەکان):- ئەم جۆرە بیرانە دەگرێتەوە کە لەلایەن هاوڵاتیانی ناوچەکەوە بە ئامێر هەڵدکەندراون و ژمارەیەکی زۆر لەم بیرانە بوونیان هەیە، کە هەندێکیان لەلایەن حکوتەمەوە رێگەی هەڵکەندنی دراوە و بەشێکیشیان بەبێ ئاگای حکومەت بەشێوەیەکی نایاسایی لەلایەن هاوڵاتیانی ناوچەکەوە هەڵکەندراون، هەربۆیە بەهۆی نایاسایی هەڵکەندنیانەوە هەندێك لەم جۆرە بیرانە هیچ داتا و زانیاریەك لە سەریان دەست ناکەوێت.

**خشتەی ( ٢ - ٣ )داتای هایدرۆلۆجی بیرەکانی کەرتی تایبەت لە سنوری ناحیەی دیبەگە.**

| ز | تایبەتمەندی | ژمارە | بچوکترین | گەورەترین | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | مەودا | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | قووڵی | 160 | 110 | 490 | 300 | 55 | 380 | 48066 |
| ٢ | بەرهەم | 160 | 20 | 350 | 188 | 62 | 330 | 30089 |
| ٣ | ئاستی جێگیر | 160 | 11 | 120 | 59 | 20 | 109 | 9585 |
| 4 | ئاستی گۆڕاو | 160 | 31 | 270 | 87 | 67 | 239 | 13913 |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەست بە خشتەی (٢)ی پاشکۆ.

٢-٢-١- قوڵی بیرەکان:- ئەم تایبەتمەندییەی بیرەکان لە داتاکانی تر کاریگەری زیاترە بە هۆی ئەوەی سەر جەم داتاکانی تر دوای هەڵکەندن و قوڵکردنیان سەرچاوەدەگرێت، بۆیە لە دەستپێکی باسکردنی تایبەتمەندی هایدرۆلۆجی بیرەکان شیکردنەوەی بۆ دەکەین، پێویستە بەووردی و بە گوێرەی هەرێمەکانی بەرزی و نزمی ئاماژەی بۆ بکەین.

بێگومان بیرەکانی ئەم هەرێمە لە قوڵیدا جیاوازیەکی زۆریان تیادا بەدیدەکرێت، ئەم جیاوازیەش بۆ جیاوازی هەڵکەندنیان و بەرزیان لە ئاستی رووی دەریا و ئاستی ئاوی ژێرزەوی ناوچەکە دەگەرێتەوە، بەگوێرەی ئەم داتایەی لە ئەنجامی شیکاری ( SPSS ) دەستمان کەوتووە و لە خشتەی (٢-٢) خستۆتمانە بەرچاو ئەم تایبەتمەندیەی بیرەکانی کەرتی گشتی دەکەوێتە نێوان (١٢٠ – ٤٥٠م) لە ئاستی رووی دەریا،

بەجۆرێك كە بیری وێستگەی بەرهەمهێنانی كارەبای خورمەڵە قوڵترینە كە لە ساڵی (٢٠٢٢) و لە بەرزی (٣٥٩م) لەئاستی ڕووی دەریا هەڵكەندراوە، بەڵام بیری گوندی سەیدامین كە لەساڵی (٢٠٠٤) لە بەرزی (٢٦٤م)لە ئاستی ڕووی دەریا كەمترین قوڵی هەیە، كە جیاوازی نێوان دەگاتە ( ٣٣٠م)كە ئەمەش جیاوازیەكی زۆرە، وە لادانی پێوانەیشیان دەگاتە (٧٢م)ھ، وە ناوەندی ژمێرەیی سەرجەم بیرەكانی كەرتی گشتی لە ناوچەكە یەكسانە بە( ٢٠٩م)ھ.

شیكردنەوەی ئەم داتاو زانیاریانەی ئەم تایبەتمەندییە بۆ بیرەكانی كەرتی تایبەت خۆی لە شیكردنەوەی (١٦٠)بیردەبینێتەوە، بەجۆرێك كە قوڵی سەرجەمیان دەكەوێتە نێوان (١١٠ – ٤٩٠م)، كە بیری (هەمزە خدر عزیز) لە گوندی (حسن اغا) لە ساڵی (٢٠٠٧) بەرزی (٣٣٢م) لە ئاستی ڕووی دەریا هەڵكەندراوە كەمترین قوڵی تۆماركردووە، بەڵام بۆ قوڵترین بیر كۆمپانیای (بریق الپریا) لە گوندی (دووشیوان) لەساڵی (٢٠٢٢) و لە بەرزی (٦٠١م) لەئاستی ڕووی دەریا هەڵكەندراوە، بەڵام هەر لە خشتەی (٢-٣)دا وەك دیارە مەودای ئەم جیاوازیە دەگاتە (٣٨٠م)، كە لەم لایەنەوە جیاوازی زیاترە لە بیرەكانی كەرتی گشتی، هەروەها لادانی پێوانەیشیان دەگاتە (٥٥م)، بەڵام ناوەندی ژمێرەیی ئەم كۆمەڵە بیرە دەگاتە (٣٠٠م)، سەیری خشتەی (٢ – ٣)بكە.

٢-٢-٢- توانای بەرهەم:- ئەو بڕە ئاوەیە كە بیرەكان بەرهەمیدێنن لەیەكەیەكی كاتدا، یان لە ڕێگەی ئامێری هەڵهێنجان (ترۆمپا)، یان دوای هەڵكەندنی بیرەكە لە خۆوە دێتە سەرزەوی، كە بەیەكەی (گاڵۆن/خ) یان (گ/خ) پێوانە دەكرێت (الطائی، ٢٠٠٥، ص ٣٥)، ئاستی توانای بەرهەمی بیرەكان بەپێی پۆلێنی(نضیر الأنصاري)دابەش دەكرێت بۆ چوار بەشی سەرەكی، توانای بەرهەمی بیر زیاتر بیت لە (١٠گ/خ) بەرهەمەكەی زۆر باشە، بەڵام ئەگەر توانای بەرهەمی بیر لە نێوان (٣ - ١٠گ/خ) بێت بەرهەمەكەی باشە، وە توانای بەرهەمی لە نێوان (١ - ٣گ/خ)دا بێت بەرهەمەكەی مام ناوەندە، هەروەها ئەگەر توانای لە (١گ/خ) كەمتربێت ئەوە لاوازە ( التمیمی، ٢٠١٣، ص ١١٦٣)، ئەوەی شایەنی باسە ئێمە بەرهەمەكەمان بە پێوەری یەكەم وەرگرتووە كە (گاڵۆن/خولەك)ھ، بەهۆی ئەوەی وەك لە خشتەكەدا دەردەكەوێت كە بەرهەمی بیرەكان تارادەیەك زۆرە و وە لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێرزەوی هەولێریش بە هەمان یەكەیان پێوانەكردووە.

بیرە گشتیەكانی ئەم ناوچەیە بە شێوەیەكی گشتی ڕێژەی بەرهەمیان نزیكە لە بیرە تایبەتەكان، هۆكارەكەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە حكومەت هەڵدەستێت بە پشكنین لەلایەن ئەندازیاری جیۆلۆجی پێشتر شیكردنەوە بۆ ناوچەكە دەكات ئایە ئاوی ژێرزەوی بوونی هەیە یان نا، ئەویش بەهۆی بەكارهێنانی نەخشەی جیۆلۆجی ناوچەكە ئایە ناوچەكە بە چ پێكهاتەیەك داپۆشراوە، ئایە ئەم پێكهاتەی كە لە قوڵیدان بۆ گلدانەوەی ئاو بەسودن یان ڕێگرن، هەروەها قوڵكردنی زیاتری بیرەگشتیەكان لە بیرە تایبەتیەكان كە پێشتر ئاماژەمان بەقوڵیەكانیشكرد، ئەمەش هۆكاری دووەمی ئەم جیاوازیە یە.

خەسڵەتەكانی بەرهەم هێنانی بیرەكان لەم خاڵانەدا بەدیار دەكەون.

أ - توانای بەرهەمی سەرجەم بیرەكانی كەرتی گشتی ئەم ناوچەیە دەكەوێتە نێوان (١٢ – ٢٧٠گ/خ)دا، كە كۆی توانای بەرهەمیان یەكسانە بە(٤٧٤٧گ/خ)دا بۆ سەرجەم بیرەكانی كەرتی گشتی.

ب - زۆرترین بڕی بەرهەمی بیرەكانی ئەم كەرتە دەكەوێتە گوندی (ماجد)هوە، كە لە بەرزی (٣٠١م) لە ئاستی ڕووی دەریا لە ساڵی (٢٠٢٣) داهەڵكەندراوە، بەڵام بۆكەمترین بڕی بەرهەم هەروەك لە خشتەی (٢-٢)دا دیارە بیری (پاراستنی ئازەڵانی كێوی) لە گوندی (حسن بڵباس) لە بەرزی (٣٠٧م)لە ئاستی ڕووی دەریا لە ساڵی (٢٠١٢) هەڵكەندراوە.

ج - بە شێوەیەكی گشتی توانای بڕی بەرهەمی بیرەكانی كەرتی تایبەت دەكەوێتە نێوان بیری ( محمد رەضا) لە گوندی (دارخورما) لە ساڵی (٢٠١٣) لەبەرزی (٣٠٦م) لە ئاستی ڕووی دەریا هەڵكەندراوە و بڕی بەرهەمی دەگاتە (٣٥٠گ/خ)دا، وە بیری (محمد رحمن محمد) لە ساڵی (٢٠٢٣) لە گوندی (كەنداڵ یارمجە) لە بەرزی (٣٦٥م) لە ئاستی ڕووی دەریا هەڵكەندراوە كە تەنها لە خولەكێكدا (٢٠گ)بەرهەمی هەیە.

د - ناوەندی ژمێرەیی بەرهەمی سەرجەم بیرەكانی كەرتی گشتی دەگاتە (٨٠گ/خ)دا. بەڵام ناوەندی ژمێرەیی بەرهەمی سەرجەم بیرەكانی كەرتی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

تایبەت دەگاتە(١٨٨گ/خ)دا.

هـ - هەروەها ئاستی لادانی پێوانەیی بڕی بەرهەمیش لە کەرتی گشتی دەگاتە (٥٥گ/خ)یە، بەڵام بۆ کەرتی تایبەت دەگاتە(٦٢گ/خ)دا.

و - کۆی بەرهەمی سەرجەم بیرەکان لە سنوری ناحیەی لێکۆڵینەوە بەهەردوو جۆرەکەی دەگاتە (٣٤٨٧٦گ/خ)دا.

ئەوەی لەم چەند خاڵەی تایبەت بەبڕی بەرهەمی بیرەکان بەهەردوو جۆری گشتی و تایبەت تێبینیمانکرد ئەوەیە کە بەرهەمی سەرجەم بیرەکان بڕێکی زۆرە، بەگشتی تارادەیەك پێداویستیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دابین دەکەن.

سەرەڕای ئەوەی کە داتاکان بەم شێویە کۆکراونەتەوە لەڕێگەی بەرنامەی (١٠,٦Arc GIS) بەسوود وەرگرتن لە شیکردنەوەی فایلی (12.5DEM)دروستکرنی نەخشەی بنەڕەتی ناوچەکە و پاشاندابەشکردنی بڕی بەرهەم لە ڕێگەی (Interpolation IDW) بەرهەمی ئاوی ژێرزەوی لە ڕێگەی بەرنامەی ناوبراو لە ناوچەکە خراوەتەڕوو، سەرەنجام لە نەخشەی (٢-٢) و خشتەی (٢-٤)ئەنجامەکەیمان بەردەست خستووە و بڕی بەرهەمی بیرەکانی بۆ کردووین بەم پێنج گرووپەی لای خوارەوە.

أ - گرووپی یەکەمی بڕی بەرهەم لە نێوان (١٢-١٠٠گ/خ)دا، کە ڕووبەری ئەم برە بەرهەمەی هەیە دەگاتە (٥٥,٨کم٢)یە، دووەم کەمترین ڕووبەرە، کە تەنها لە (٨٪)ی کۆی ڕووبەری ناحیەکە ئەم بڕە بەرهەمەی هەیە، کە ئەمەش دەرخەری ئەم ڕاستیەیە کە داهاتی ئاوی بیرەکان بەرزە.

ب - گرووپی دووەمی بڕی بەرهەم دەکەوێتە نێوان هەردوو ژمارەی (١٠٠,١- ١٥٠گ)لە خولەکێکدا کە ئەمەش دەکاتە لە (٢٧٪)ی کۆی ڕووبەری ناحیەی دیبەگەوە، کە ئەم گرووپە لە هەم لە بڕی بەرهەم و هەم لەڕووی بەرهەمیشەوە لە پێش گرووپی یەکەمەوەیە.

ج - گرووپی سێیەمی بەرهەم بڕی بەرهەمیان دەکەوێتە نێوان (١٥٠,١ – ٢٠٠گ)لە خولەکێکدا، کە ئەم بڕە بەرهەمە زیاترە لە هەردوو گرووپی پێشەخۆشیەوە، وە زۆرترین ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەم بڕە بەرهەم دێنێت بەوپێیەی کە لە (٣٣)ی کۆی ڕووبەری ناحیەکە ئەم بەرهەمە ڕووپۆشی دەکات.

د - گرووپی چوارەم دەکرێت بڵێن دووەم گرووپی زۆرترینی بڕی بەرهەم بەهۆی ئەوەی ئەم بیرانەی ئەم گرووپەیان پێکهێناوە بڕی بەرهەمیان دەکەوێتە نێوان (٢٠٠,١ – ٢٥٠گ)لە خولەکێکدا، وە بەهۆی ئەم پۆلێنکاریەی کە ئەم خشەی بڕی بەرهەممان پێبەرهەمهێناوە دەگاتە لە (٢٨)ی کۆی ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە.

